# ئایا ڕژێمی ئێران بە هەمان ڕێگەی سووریادا دەڕوات؟

**نووسەران:** سەعید گۆلکار (Saeid Golkar) و کەسرا ئەعرابی (Kasra Aarabi)

**وەرگێڕان:** پێنووس

گۆڤاری فۆرن پۆلیسی لە وتارێکی شیکاریدا نووسیویەتی؛ "لایەنگرانی ئایدیۆلۆژیا و کەسانی وەفادار بە عەلی خامنەیی و سوپای پاسداران بەهۆی ئەوەی پێی دەڵێن "خیانەت" لە ئامانج و ئایدیاڵەکانیان، وردە وردە پشت لە کۆماری ئیسلامی دەکەن و بەم شێوەیەیش حکوومەت بەرەوڕووی پەرەسەندنی دووبەرەکیی هاوشێوەی داڕمانی وردە وردەی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا دەبێتەوە".

ئەم وتارە ئاماژەی بەوە کردووە کە کۆماری ئیسلامی دوای 46 ساڵ لە پێکهێنانی کۆماری ئیسلامی بۆ یەکەم جار لە بەردەم ئەو پرسیارەدایە: ئایا "ناوکی ڕەق" (hard base)ی لایەنگرانی، کە ئامراز و لەشکری سەرکوتکردنی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن، ئەگەر جارێکی تر ناڕەزایەتییەکان لە ئێران هەڵگیرسێتەوە، بەبێ مەرج لە بەرگریکردن لە حکوومەت بەردەوام دەبن؟ بە بڕوای نووسەرانی ئەم وتارە شیکارییە، پرسیاری وەک ئەمانە ترس و دڵەڕاوکێی لای ئۆلیگارشی (گرووپی دەسەڵاتدار)ی کۆماری ئیسلامی دروست کردووە، چونکە باش دەزانن کە هەمان بێهیوایی و دواجار وازهێنانی هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکتاتۆریی ئەسەد، بووە هۆی داڕمانی ڕژێمی بەعس لە سووریا.

نووسەرانی وتارە شیکارییەکەی گۆڤاری فۆرن پۆلیسی نووسیویانە؛ بۆ ماوەی زیاتر لە چوار دەیەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی پشتی بە گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بەستووە. دەزگەی ڕۆحانییە دەسەڵاتدارەکان کە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩وە پشتیوانییەکی بەرچاوی چینە جیاوازەکانی بەدەست هێناوە، وردە وردە پشتیوانیی نزیکەی هەموو ئەو چینانەی لەدەست داوە کە ڕۆژێک بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنیانی دەکرد.

لە ماوەی دەیەی یەکەمی شۆڕشدا بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتە توندەکانی، کۆماری ئیسلامی وردە وردە پشتیوانیی چینی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنی ئێرانی لەدەست دا. هەروەها جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق دەسەڵاتێکی بێوێنەی بە ڕۆحوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی دا بۆ لەناوبردنی ئەو هێزە عەلمانییانەی کە یارمەتیدەر بوون لە ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەوی. بەڵام ئاڵوگۆڕی گەورە لە کۆمەڵگەی ئێران لە دەیەی دووەمی شۆڕشدا دەستی پێ کرد. ماندوێتی لە جەنگ و گەشەی دانیشتووانی گەنجی ئێران، لە لایەک بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتێکی نوێی عەلمانی و لیبرالیزم لەنێو چینی مامناوەندی ئێران و، لە لایەکی ترەوە سەرکوتی توندی حکوومەتی لێ کەوتەوە. ئەم سەرکوتکردنە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەهۆی ساختەکاری لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و سەرکوتکردنی توندی ناڕەزایەتییەکانی دواتر، گەیشتە لووتکە و بەم پێیەیش حکوومەت هەموو پشتیوانییەکی چینی ناوەڕاستی لەدەست دا. کێشە ئابوورییەکان کە نزیکەی دە ساڵ دواتر ڕوویان دا، بۆ یەکەمین جار بووە هۆی کەمبوونەوەی پشتیوانی لە حکوومەت لەنێو چینی

کرێکار و گوندنشیندا؛ هەمان ئەو چینەی کە ئایەتوڵڵا خومەینی هەمیشە بە "چینی چەوساوە" ناوی دەبرد و بنکەی نەریتیی لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی بوو.

بێتواناییی حکوومەت لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ئێرانییەکان بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی حکوومەت و گەندەڵیی بەربڵاوی حکوومەت و، لە لایەکی دیکەیشەوە گوشارە ئابوورییەکان بەهۆی توندتربوونی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان ناڕەزایەتیی شەقامی لێ کەوتەوە. ئەم خۆپیشاندانانە لە ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٩ زیاتر سەریان هەڵدا و لەم ساڵانەدا چینی کرێکاری ئێران بوونە پێشەنگی خۆپیشاندانەکانی شارەکانی وەک مەشهەد و قوم کە حکوومەت بە قەڵای خۆی دەزانی. سەرکوتکردنی قورسی ئەم ناڕەزایەتییانە لەلایەن سوپای پاسداران و بەتایبەت لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠١٩ کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەزار و ٥٠٠ کەس کوژران، بزماری کۆتایی بوو لە تابووتی کۆماری ئیسلامی و، بووە هۆی ئەوەی چینی خوارەوە بۆ هەمیشە پشت لە سیستەمەکە بکەن.

لە ساڵی ٢٠١٩وە کە هاوکات بوو لەگەڵ چلەمین ساڵیادی ئینقلابی ئیسلامی، بنکەی لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی پشتی بە بازنەیەکی تەسک و توندڕەوی ئایدیۆلۆژی بەستووە. ئەم چینە کۆمەڵایەتییە کە بە بنکە جەماوەرییە جێگیرەکەی ڕژێم یاخود "ناوکی ڕەق" ناسراوە، بە هۆکاری ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی، پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی دەکات. پشتیوانیی ئەم ناوکە ڕەقە (بنکە جەماوەرییە) لەسەر سەپاندنی سیاسەتی توندی ئیسلامی لەلایەن حکوومەتەوە لە ناوخۆ و دەرەوە دامەزراوە کە ئەوان بە "دادپەروەریی ئیسلامی" دەزانن. ئەم سیاسەتانە بریتین لە: پۆلیسی ئەخلاق (گشت ارشاد) لە ئێران، پشتیوانی لە "میحوەری خۆڕاگری" (بەرەی موقاوەمە) و هێزە نوێنەرایەتییەکان، سیاسەتی دژایەتیکردنی جوولەکەکان و دروشمی لەناوبردنی ئیسرائیل، دژایەتیی توندی ئەمریکا و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی، کە پایە سەرەکییە ئایدیۆلۆژییەکانی شۆڕشی ئیسلامی پێک دەهێنن.

نووسەرانی وتارە شیکارییەکەی گۆڤاری فۆرن پۆلیسی پێیان وایە، کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەدا، بۆ زیاتر پتەوکردنی ئەم بناغەیە، کە لە بەرامبەر بەشە گەورەکەی کۆمەڵگەی ئێراندا کە بە "نا-خودی" (outsiders) ناوی دەبات، کۆمەڵگەیەکی "خودی" (insider)ی بنیات ناوە. ئەم کەسە خودی یاخود ناوخۆییانە پایە سەرەکییەکانی حکوومەت و دەوڵەت پێک دەهێنن و، لە پشتیوانیی دارایی بەهرەمەندن و لە بەرامبەردا پابەندبوونی ئایدیۆلۆژیی خۆیان لە ڕێگەی کردارەکانی وەک ئامادەبوونی خۆبەخشانە لە گردبوونەوەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی حکوومەتدا نیشان دەدەن. هەروەها هێزە خۆبەخشەکان وەک پاسەوانی حیجاب کار دەکەن و لە کاتی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران دێنە سەر شەقامەکان. هەرچەندە لەسەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئەم ناوکە ڕەقە پێک دەهێنن، هیچ ئامارێکی فەرمی نییە، بەڵام گۆڤاری فۆرن پۆلیسی بە ئاماژەدان بە خەمڵاندنەکان، پێی وایە کە ئەم پێکهاتەیە لە هەشت ملیۆن کەس زیاتر نییە و، نووسیویەتی: "ئەم ژمارەیە کە نزیکەی لەسەدا ١٠ی دانیشتووانی ئێرانە، پێ دەچێت ئەو کەسانە بن کە خۆبەخشانە لە بری ڤاکسینی پەسەندکراوی نێودەوڵەتی ئەو ڤاکسینەی کۆڤید-١٩یان وەرگرتووە کە لەلایەن سوپای پاسدارانەوە بەرهەم هێنراوە."

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا هەندێ شت ڕووی داوە کە کەسانی جێگەی متمانە (خودی) بە "خیانەت"یان زانیوە و، بەم پێیەیش ئەو بنکە جەماوەرییەیان لەرزۆک کردووە کە ئایەتوڵڵا خامنەیی و سەرکردە باڵاکانی سوپای پاسداران هەمیشە بە بنکەی جەماوەری "گوێڕایەڵی بێمێشك" تەماشایان کردوون. لێکترازانەکان

دوای مردنی لەناکاوی ئیبراهیم ڕەئیسی، سێزدەیەمین سەرۆککۆماری ئێران سەریان هەڵداوە؛ کەسێک کە بنکەی دەنگەکانی و حکوومەتەکەی بەتەواوی هەر لەسەر ئەم بنکەی وەفادارانی ئایدیۆلۆژی بۆ کۆماری ئیسلامی دامەزرابوو و لێیەوە سەرچاوەی گرتبوو. بۆیە دوای مردنی ڕەئیسی پێشبینی دەکرا کە سەعید جەلیلی، کە کەسایەتییەکی توندڕەو بوو، لە شوێنی ئەو دابنرێت. ئەم پێشبینییە بێبنەما نەبوو، چونکە خامنەیی لە ساڵی ٢٠١٩وە پلانی "پاککردنەوە" (purification)ی ئایدیۆلۆژی بە ئامانجی بەهێزکردنی نەوەی نوێی توندڕەوەکانی دەست پێ کردبوو. بەڵام پێ دەچێت ئەم جارە خامنەیی و سەرکردەکانی سوپای پاسداران بۆ پێشگرتن لە هەڵبژاردنی جەلیلی دەستوەردانیان کرد و لە بری ئەوە "مەسعوود پزیشکیان"ی چاکسازیخوازیان وەک سەرۆککۆمار دانا.

نووسەرانی گۆڤاری فۆرن پۆلیسی نووسیویانە کە ئەم بڕیارە لە لایەک بەهۆی خراپیی ئەدای تەکنۆکراتە ئایدیۆلۆژییەکانی ئیدارەی سەرۆککۆمار ڕەئیسییەوە بووە کە قەیرانەکانی ئێرانی گەورەتر کردبوو و، لە لایەکی دیکەیشەوە هاوتەریب بووە لەگەڵ ئامادەکارییەکان بۆ گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆشکی سپی و سەپاندنی "ئەوپەڕی گوشار" بەسەر ئێراندا.

شرۆڤەکارانی گۆڤاری فۆرن پۆلیسی پێیان وایە ئایەتوڵڵا خامنەیی ئەوەی لێک داوەتەوە کە سەرۆکێکی بەڕواڵەت ڕیفۆرمخواز، دەتوانێت هێزی ڕۆژاوا لە دژی تاران دابەش بکات. بەڵام ئەم بڕیارە کاردانەوەی بەرفراوانی لایەنگرانی توندڕەوی حکوومەتی لێ کەوتەوە، کە سەرۆکایەتیی پزیشکیانیان بە خیانەتێکی ئایدیۆلۆژی لە بەڵێنی درێژەدان بە ڕێبازی ئیبراهیم ڕەئیسی دەزانی.

ئەم کاردانەوانە تا ئەو ڕاددەیە بەردەوام بوو کە تەنانەت هەندێک گومانیان دروست کرد کە هەلیکۆپتەرەکەی ڕەئیسی بەئەنقەست لەلایەن هەندێک کەسی ناو ڕژێمەوە خراوەتە خوارەوە. بەڵام ئەم هەستەی "خیانەت" ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، چونکە بە بڕوای نووسەرانی بابەتەکە، گورزی گەورەی دواتر کاتێک بوو کە ئایەتوڵڵا خامنەیی گڵۆپی سەوزی بۆ مەسعوود پزیشکیان هەڵکرد بۆ ئەوەی کە محەممەد جەواد زەریف، وەزیری پێشووی دەرەوە وەک جێگری سەرۆککۆمار بۆ کاروباری ستراتیژی دەستنیشان بکات. لەم پەیوەندییەدا، نووسەران دەڵێن کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ خامنەیی و سوپای پاسداران، لایەنگرانی وەفاداری خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر زەریف و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی شەڕی دەروونی دژی زەریف کۆ کردبووەوە. زەریفیان بە "سیخوڕ و خیانەتکاری ڕژێمی ئەمریکا" دەزانی و تەنانەت تۆمەتباری دەکەن بە سووکایەتیکردن بە قاسم سولەیمانی، فەرماندەی کوژراوی سوپای قودس.

ئەم لێکترازان و دابەشبوونە ناوخۆییانە کاتێک توندتر بوو کە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی لە سەردەمی خامنەیی دەستێوەردانی کرد بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی یاسایەکی توندڕەوانە کە بە یاسای "عفاف و حجاب" ناسراوە. ئەم بڕیارە بووە هۆی ئەوەی کە ناوکی ڕەقی لایەنگرانی حکوومەت بەئاشکرا هێرش بکەنە سەر ڕێبەرایەتیی کۆماری ئیسلامی و تۆمەتبارکردنی بە وازهێنان لە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئینقلابی ئیسلامی، واتە حیجابی ناچاری و زۆرەملێ.

بێزاریی ناوکی ڕەقی لایەنگرانی حکوومەت تەنیا لە پرسە ناوخۆییەکانی ئێراندا سنووردار نەبوو، بەڵکوو ئیسرائیل بە نەهێشتنی سەرکردە و هێزە سەرەکییەکانی حەماس و حزبوڵڵا و ئەوەی پێی دەوترێت "میحوەری بەرخۆدان"، ئەندامانی ئەم بنکە جەماوەرییەی پاڵپشتیکار لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی زۆر

تووڕە کرد. ئەوان بەئاشکرا دەستیان کرد بە پرسیارکردن لە پابەندبوونی ئایدیۆلۆژیی سوپای پاسداران و دوودڵیی ڕێبەرایەتیی ئێران لە هێرشکردنە سەر ئیسرائیل و، دەیانگوت هەندێک کەس لەناو سیستەمەکەدا هاوکاریی دەزگەی هەواڵگریی ئیسرائیل دەکەن. تەنانەت کاتێک لە ڕووداوێکی بێوێنەدا سوپای پاسداران هێرشی ڕاستەوخۆی بۆ سەر ئیسرائیل دەست پێ کرد، ناکاریگەریی ئەو مووشەک و درۆنانەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە شانازییان پێوە دەکرد، ئەو ناوکە ڕەقەی حکوومەتی بێهیوا کرد کە هەمیشە باوەڕیان بە پڕوپاگەندەی حکوومەت سەبارەت بە تواناکانی سوپای پاسداران هەبوو.

نووسەرانی وتارە شیکارییەکەی گۆڤاری فۆرن پۆلیسی دەڵێن، ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد کە زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر لە ئێرانەوە دوورە، دوا لێدان بوو لەم ناوکە ڕەقە. کەوتنی ئەسەد جارێکی دیکە تووڕەییی بەرامبەر خامنەیی و سوپای پاسداران هەڵگیرساند. بۆ ئەم بنکەی لایەنگرانە کە زۆرێک لە ئەندامەکانی خۆبەخشانە لە سووریا دژی گرووپە سەلەفی-جیهادییەکان شەڕیان کردبوو و خوێنیان ڕشتبوو، بڕیاری خامنەیی بۆ وەستان و سەیرکردنی کەوتنی سووریا بۆ دەست یاخیبووان بە سەرۆکایەتیی دەستەی تەحریر شام وەک خیانەتێکی دیکە سەیر دەکرا؛ چونکە ئەم بنکەیەی لایەنگرانی ڕژێم بەردەوام پێیان دەگوترا کە پاراستنی سووریا تەنیا بە مانای پشتیوانیکردن لە ئەسەد نییە، بەڵکوو بە مانای پاراستنی ئیسلامی شیعە و "بەرگریکردن لە مەزارگە" پیرۆزەکان دێت.

هەروەها دوای بێهیوابوون لە دۆخی سووریا و هۆکارەکانی ترەوە، بنکەی جەماوەریی توندڕەوی لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی لەوە تووڕە بوون کە خامنەیی گوتی، ڕەنگە بچێتە دانوستان لەگەڵ ترامپ- ئەو کەسەی فەرمانی کوشتنی "سولەیمانی"ی دەرکرد. لە دوای مردنی قاسم سولەیمانییەوە، خامنەیی و فەرماندەکانی سوپای پاسداران سوێندیان خواردووە بە تیرۆرکردنی ترەمپ و هەموو ئەوانەی دەستیان لە هێرشەکەدا هەبووە، تۆڵەی توند بکەنەوە. بۆیە ئەگەری ئەوەی کە حکوومەت تەنانەت بیر لە تەوقەکردن لەگەڵ بکوژەکەی سولەیمانی بکاتەوە، ئەم بنکە جەماوەرییەی زیاتر تووڕە کردووە.

پێ دەچێت لاوازبوون و هەڵوەرانی بنکەی جەماوەریی پشتیوانی ئایدیۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی، کاریگەریی قووڵی لەسەر سیستەمەکە هەبێت. خامنەیی و سوپای پاسداران بەتەواوی ئاگادارن کە، زیاتر لە هەر گرووپێکی دیمۆگرافیای دیکەی ئێران، لەدەستدانی ئەو لایەنگرە سەرسەختانە، مانەوە و بوونی کۆماری ئیسلامی دەخاتە مەترسییەوە، چونکە ئەندامانی ئەم بنکە بچووکە بەڵام ئایدیۆلۆژی و توندڕەوانە، ئەو هێزە پێک دەهێنن کە هەر کاتێک ناڕەزایەتی لە دژی حکوومەت سەر هەڵبدات، ئێرانییەکان سەرکوت دەکەن.

نووسەرانی گۆڤاری فۆرن پۆلیسی بە خستنەڕووی ئەم پاشخانانە ئاماژە بەوە دەدەن کە خامنەیی و سوپای پاسداران دەرفەتێکی زۆریان لەدەست نەداوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە بنەڕەتییە؛ هەرچەندە بژاردەی سنوورداریان هەیە. کۆماری ئیسلامی بۆ وەرگرتنەوەی ڕەزامەندی و پشتیوانیی ئەم بنکەیە هیچ بژاردەیەکی تری نییە جگە لە زیندووکردنەوەی سیاسەتە ئایدیۆلۆژییەکانی لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران. بێ گومان ئایەتوڵڵا خامنەیی دەزانێت کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوارێکی کەمی بۆ مانۆڕکردن دەبێت، چونکە ئیدارەی نوێی ترەمپ هیچ کاتێکی بەفیڕۆ نەداوە لە سەپاندنی ئەوپەڕی گوشار لەسەر تاران و سنووردارکردنی توانای داراییی ئێران بۆ پارەدارکردنی میلیشیاکانی سەر بەو وڵاتە.

هەروەها بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بەڕوونی ئەوەی خستە ڕوو کە ئیسرائیل

دەستەوەستان نابێت و ڕێگە نادات تاران ئەو گرووپانە چەکدار بکاتەوە کە لە دوای هێرشەکەی حەوتی ئۆکتۆبەر بەکۆمەڵ شەڕیان لەگەڵدا ڕاگەیاندووە. بژاردە سنووردارەکانی ئایەتوڵڵا خامنەیی بۆ دابینکردنی داخوازییەکانی بنکە جەماوەرییە پشتیوانیکەرەکەی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، ئەوە دەردەخات کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو داواکاری و پێداویستییانە دەدات لە ئاستی ناوخۆدا. تەنانەت پێ دەچێت زەریف و عەبدولناسر هیممەتی، وەزیری کاروباری ئابووری و دارایی حکوومەتی پزیشکیان، یەکەمین قوربانیی ئەو هەوڵانە بووبن. گۆڤاری فۆرن پۆلیسی نووسیویەتی، پێ ناچێت دەستلەکارکێشانەوەی زەریف بەبێ پشتیوانیی خامنەیی و سەرکردەکانی سوپای پاسداران ڕووی بدایە، چونکە باش دەزانن کە لادانی زەریف قەرەبووی سەرمایە لەدەستچووەکەیان دەکاتەوە.

بە هەمان شێوە، ئایەتوڵڵا خامنەیی، لە وتارەکەی ئەم دواییەیدا، بەپێچەوانەی ئاماژە سەرەتاییەکانی، دانوستانەکانی لەگەڵ ترامپ ڕەت کردەوە، بەڵام تەنیا ئەم کردەوانە بەس نابن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی ئەم بنکە جەماوەرییەی کۆماری ئیسلامی. لە ناوخۆشدا ئایەتوڵڵا خامنەیی دەبێت سیاسەتە ئایدیۆلۆژییە ئیسلامییەکان چڕتر بکاتەوە بۆ ئەوەی بنکەی جەماوەریی پشتیوانی خۆی بەدەست بهێنێتەوە. بێ گومان ئەمە یارییەکی مەترسیدارە بۆ ئەو، چونکە کاردانەوەی نەرێنیی بەشێکی فراوانتری هاووڵاتیانی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتیی شەقام لە دژی حکوومەت زیاد دەکات.

نووسەرانی گۆڤاری فۆرن پۆلیسی پێیان وایە کە لێرەدایە کە پارادۆکسی بەردەم ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕوون دەبێتەوە: "ئەگەر سیاسەتە ئایدیۆلۆژییەکان شل بکاتەوە، لەوانەیە بنکەی سەرکوتکەری جەماوەری خۆی لەدەست بدات و ئەگەر ئەو سیاسەتانە چڕتر بکاتەوە، ئەگەری ناڕەزایەتیی فراوانتر زیاتر دەبێت."

لە کۆتاییدا، بەپێی شیکاریی نووسەرانی گۆڤاری فۆرن پۆلیسی، هەردوو سیناریۆ هەڕەشەیەکی بنەڕەتی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دروست دەکەن و، دەشێت ببێتە هۆی دووبارەبوونەوەی چارەنووسی ئەسەد بۆ ئایەتوڵڵا خامنەیی.

**سەرچاوە:**

https://www.iranintl.com